www.kurdistannet.org

10/01/2002 20:04

# سەلام عەبدوڵا لەباتی ئیدانەکردنی پارتی PDK ئیدانەی (پارتی کار) ئەکات

کاروان
hamletkamo@hotmail.com

لە سایتی کوردستان نێت بەناونیشانی (دەسەڵاتی ئازادیخواز زۆر بەهیزترە لە بریاری قەدەغەکردن) ناوبراو ووتاریکی کوردتی نووسیوە کەمن چاوەری بووم وەك ئازادیخوازیك ئیدانەی توندی پارتی بکات، بەڵام بەداخەوە تیروانینەکانی منی بەرامبەر هەلویستەکانی خستە گومانەوە و پرسیم تۆ بلیی

سەلام ئازادیخوازبیت؟ یان لەسەردانەکەی کاروانی ئاشتی بۆ کوردستان، کاك سەلام لای پارتی نیعمەتی پارتی بەرکەوتبێ؟، بۆیە وا دەنگی لاوازە بەرامبەر پارتی و کاروانی ئاشتی کردە قوربانی؟

بەڵام دواجار هاتمە سە خویندنەوەی ئەم هەلویستەی کاك سەلام لە نووسینەی کە نووسیویەتی.

کاك زۆر بە هیمنانە وەك کوریك پیشنیار بۆ باوکی بکات بەپارتی ئەلی : سەرەرایی کەموکوری‌یەکان تۆ باوکیکی باشیت، راستە پارتی کار لاساری لە تۆی باوك کردووە، بەڵام دلت گەورەبیت و قەدەغەی چالاکی سیاسیان مەکە، تۆ پارتی گەورە و باوك نیت ئەم کارەت کردووە، بەلکو هەندی لاساری ناو وەزارەتی ناوخۆکەتن. پاشان ئەبیتە هاودەنگی پارتی و پشتیوانی بیانووی داخستنەکە ئەکات و ئەلیت تۆ راست ئەکەی پارتی کار پەتوەندی لەگەڵ ئیسرائیل هەیە.

ئینجا دیتە سەر ئیدانەکردنی پارتی کار و دەلی (سەردانی پارتی کار بۆلای دەسەلات بەدەستانی ئیسرائیل هیچ جیاوازی‌یەکی لەگەل فاشستی بەغدا نی‌یە و ..... پارتی کار شایەنی پشتیوانی کردن نین .....)، ئایا ئەم هەلویستە پاساو هینانەوە بۆ پارتی و ئیدانەکردنی پارتی کار نی‌یە؟

٢٠٠٢/١/١٠

©Kurdistan Net